https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.193

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# چەمکی پارامێتەر لە زمان دا
# (پارامێتەری بکەرخراو بە نموونە)

**م. هەژار حسێن والی**

**بەشی کوردیی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو**

hazhar.wali@charmouniversity.org

**پ. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

**بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی**

abduljabar.maroof@univsul.edu.iq

## پوختە:

زمان لە بنەڕەتدا بریتییە لە بنەما و پارامێتەر. بنەما لایەنی بایۆلۆژیی زمان و لایەنە هاوبەشەکانی ڕێزمان لە نێوان زمانەکاندا دەگرێتەوە. هەرچی پارامێتەرە ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانییانە لەخۆدەگرێت، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن. ئەم توێژینەوەیە بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی پارامێتەر بە شێوەیەکی گشتیی و پارامێتەری بکەرخراو بە تایبەتیی تەرخانکراوە، بەڵام بەو پێیەی بەبێ هەبوونی زانیاریی پێشوەختە دەربارەی چەمکی بنەما، ناتوانین بە تەواوەتیی لە چەمکی پارامێتەر تێبگەین، بۆیە توێژینەوەکە بەر لە باسکردنی چەمکی پارامێتەر، چەمکی بنەما لە زمانە سروشتییەکاندا ڕوونئەکاتەوە، دواتریش وەک تەواوکەری چەمکی بنەما، لەبارەی پارامێتەرەوە ئەدوێت. سەبارەت بە بنەما، مەبەست لە پارامێتەر هەموو ئەو جیاوازییە ڕێزمانییانەیە، کە مناڵ لە پرۆسەی زمانوەرگرتندا فێریانئەبێت. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە ئەگەیەنێت، کە پارامێتەر پەیوەستە بەو ئەزموونە زمانییەوە، کە مرۆڤەکان لە ژینگەی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی جیاوازدا ئەیانبێت. ئەوە ئەزموونە زمانییەکەیە، کە ڕێزمانێکی دیاریکراو، لەو سنوورەی، کە ڕێزمانی جیهانیی ڕێگەپێیداوە، بۆ زمانێکی دیاریکراو دەستنیشان ئەکات. شایەنی وتنە جیاوازییە ڕێزمانییەکانی نێوان زمانەکان زۆر و فرەلایەنن، کە لە چوارچێوەی چەشنە جیاوازەکانی پارامێتەردا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بەڵام لایەنی کارەکیی ئەم توێژینەوەیە، تەنها بانگەشەی یەکێک لە چەشنەکانی پارامێتەر، کە ئەویش پارامێتەری بکەرخراوییە ئەکات و ئەو لێکدانەوە جیاوازانە دەخاتەڕوو، کە بۆ پەسنکردنی بکەرخراویی زمانەکان (بە تایبەت زمانی کوردیی) پێشنیازکراون.

**کلیلە وشەکان: بنەما، پارامێتەر، پارامێتەری بکەرخراو، ڕێککەوتن، قورساییخستنەسەر، درووستەی زانیاریی**

Recieved: 29/10/2022
Accepted: 30/11/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەكیی:

ئـەم توێژینەوەیـە، كـە بـە ناونیشـانی (چەمكـی پارامێتـەر لـە زمانـدا «پارامێتـەری بكەرخـراو بـە نموونـە») یـە، لـە چوارچێـوەی تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر و بەپێـی ڕێبـازی پەسـنیی شـیكاریی، شرۆڤـەی چەمكـی پارامێتـەر و پارامێتـەری بكەرخـراو لـە زمانـدا ئـەكات. هـۆی هەڵبـژاردنی ناونیشـانەكە بـۆ ئـەوە ئەگەڕێتـەوە، كـە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو ناونیشـانە پەیوەسـتە بـە بابەتێكـی گرنگـی سینتاكسـییەوە، بـەڵام لـە زمـانی كوردیـی دا بـەدەر لـە پارامێتـەری سـەری ڕێزمانیـی، هیـچ كارێكـی سـەربەخۆی تـر دەربـارەی چەمكـی پارامێتـەر بـە گشـتیی و پارامێتـەری بكەرخراوییـش وەک چەشـنێكی پارامێتـەر، بەجـێ نەهێـنراوە. ئەمـەش هـۆ و پاسـاوێكی بەجێیـە بۆئـەوەی توێژینەوەیـەک بـۆ ناونیشـانێكی لـەو جـۆرە تەرخانبكرێـت. ئەگەرچیـی كەرەسـتە و داتـاكانی توێژینەوەكـە لـە (زاری كرمانجیـی ناوەراست_شـێوەزاری سـلێمانی)یەوە وەرگیـراون، بـەڵام بـۆ پاڵپشـتیكردنی ڕاڤـە و لێكدانـەوەكان، وەک بەڵگـەی دەرەكیـی، نموونـە لـە (زاری كرمانجیـی ژووروو، زمـانی ئینگلیزیـی و چینیی)یـش هێنراونەتـەوە. ئـەوەی پەیوەندیـی بـە ناوەرۆكـی توێژینەوەكـەوە بێـت، دوو بـەش لەخۆدەگرێـت، كـە دابەشـكردنی پـار و وەچەپـارەكان تیایـدا بـەم شـێوەیەیە:

1/1) تیۆری بنەما و پارامێتەر

1-1/1) بنەما لە زمانە سروشتییەكاندا

2-1/1) پارامێتەر وەک تەواوكەری بنەما

1-2-1/1) پارامێتەر، پەسنكردن و لێكدانەوە

2-2-1/1) پارامێتەر لە نێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا

1/2) پارامێتەری بكەرخراو

1-1/2) پارامێتەری بكەرخراو لە زماندا بە گشتیی

2-1/2) پارامێتەری بكەرخراو لە زمانی كوردیی دا

لـە دوای كۆتـا وەچەپـاری بـەشی دووەم، ئـەو ئەنجامانـەی، كـە توێژینەوەكـە پێیانگەیشـتووە، لـە چەنـد خاڵێكـدا خراونەتـەڕوو. پاشـان پوختـەی توێژینەوەكـە بـە زمـانی عەرەبیـی و ئینگلیزیـی پێشكەشـكراون و دواتریـش لیسـتی ئـەو سـەرچاوانەی، كـە لـە توێژینەوەكـەدا بەكارهێـنراون، یاخـود ئاماژەیانپێـدراوە، ڕیزبەندكـراون.

### 1/1) تیۆری بنەما و پارامێتەر

تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر، كـە وادادەنرێـت ناوێكـی تـری تیـۆری حوكومكـردن و بەسـتنەوە بێـت، دوو چەمكـی سـەرەكیی لەخۆدەگرێـت، كـە ئەوانیـش بنەمـا و پارامێتـەرن. سـەرەتای ناسـاندنی ئـەم دوو چەمكـە ئەگەڕێتـەوە بۆ (Chomsky, ١٩٨١a)، دواتـر بـە شـێوەیەكی بەرچـاو لـە بەرهەمـی (Knowledge of language)ی (Chomsky, ١٩٨٦a)دا قسـەیان لەسـەركراوە و خراونەتـەڕوو. هەرچەنـدە نـاوی تیـۆری حوكومكـردن و بەسـتنەوە، ناوێكـی دیار و نـاسراوە بـۆ ئـەو مۆدێلـە سینتاكسـییەی، كـە لـە (Chomsky, ١٩٨١a)دا پێشكەشـكرا، بـەڵام چۆمسـكی خۆیـشی پێیوایـە، كـە نـاوی تیۆرەكـە ناوێكـی هەڵخەڵەتێنـەرە، چونكـە لـە نـاوی تیۆرەكـەدا تەنهـا تیشكخراوەتەسـەر دوو

لـەو تیۆرانـەی، کـە تیـۆری حوکومکـردن و بەسـتنەوە پێکدەهێنـن، لەبەرئـەوە نـاوی تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر وەک ناوێکـی گونجاوتـر بـۆ مۆدێلـە سینتاکسـییەکە پێشـنیازکرا، ئەمـە لـە لایەکـەوە. لـە لایەکـی تـرەوە، نـاوە نوێیەکـە پێداچوونـەوەکانی چۆمسـکی بەسـەر تیۆرەکـەدا، کـە لـە (Chomsky, ١٩٩٣) و (Chomsky, ١٩٩٥b) دا پێشکەشـکران و لەژێـر نـاوی مینیمـاڵ پرۆگـرام (Minimalist Program)دا خرانـەڕوو، دەگرێتـەوە. بڕوانـە: (Cook, V. & Newson, M., ١٩٩٧: ٤١). هەڵبـەت گرنگـە ئامـاژە بـەوە بدەیـن، کـە ئـەم توێژینەوەیـەی ئێمـە، تەنهـا لـە چوارچێـوەی تیـۆری حوکومکـردن و بەسـتنەوەدا ئەبێـت و ناچێتـە سـنووری ئـەو مۆدێلـە سینتاکسـییەوە، کـە بـە مینیـماڵ پرۆگـرام نـاسراوە.

### ١-١/١) بنەما لە زمانە سرووشتییەکاندا

ئـەو زمانـە سرووشـتییانەی[1]، کـە لـە جیهانـدا هـەن و قسـەیان پـێ ئەکرێـت، لـە یەکـتر جیـاوازن و ژمارەیـان بـە چەنـد هەزارێـک دائەنرێـن، بـەڵام لـە نێوانیانـدا ناوکۆیـی هەیـە و لـە گەلێـک شـتدا لەیەکـتر ئەچـن. تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر مەبەسـتێتی لایەنـە هاوبـەش و جیـاوازەکانی نێـوان زمانـە سرووشـتییەکان روونبکاتـەوە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی خسـتنەڕووی هـەردوو چەمکـی بنەمـا(Principle) و پارامێتـەر(Parameter)ەوە. بنەمـاکان ئـەو ئـەدگارە گشـتییانەن، کـە بـە شـێوەیەکی بـاو لـە هەمـوو زمانەکانـدا هـەن، کـە ئەمـەش بەهـۆی بـوونی ڕێزمـانی جیهانیـی(Universal grammar)ەوەیـە. بڕوانـە: (Ouhalla, J., ١٩٩١: ١٥٤)، (Trask, R., ١٩٩٣: ٢١٨).

قوتابخانـەی بەرهەمهێنـان و گواسـتنەوە، بـە تایبـەت تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر، جەخـت لەسـەر ئـەوە ئەکاتـەوە، کـە لـە بنەڕەتـدا (ا) زمـان توانسـتێکی بایۆلۆژییـە، (ب) منـاڵ دەسـتگایەکی زمانوەرگرتنـی هەیـە، کـە بریتییـە لـە بنەمـا و یاسـا و بـە ڕێزمـانی جیهانیـی نـاسراوە. بڕوانـە: (Chomsky, N., ١٩٨٦a: ٢٢)، (Katamba, F., ١٩٩٣: ٨)، (محەمـەدی مەحویـی، ٢٠٠١: ١٦). کەواتـە کۆزانیاریـی مـرۆڤ لەبـارەی زمانەکەیـەوە زگماکییە و بـە بۆماوەیی بۆی ئەگوازرێتـەوە. ئەمـە بـۆ هەمـوو زمانـەکان هەمـان شـتە. سـەرچاوەی کۆزانیارییـە زمانییەکـە ڕێزمـانی جیهانییـە، کـە ئەمیـش وەک چۆمسـکی خـۆی ئەیڵێـت: «ڕێزمـانی جیهانیـی ئەکرێـت وەک سیسـتەمی بنەمـاکان سـەیربکرێت/ بیـری لـێ بکرێتـەوە، کـە لـە نێـوان پۆلـە زمانـە جیاوازەکانـدا هاوبەشـە و پێـش قۆناغـی ئەزموونکـردن، لـە هـەر تاکێکـدا بەردەسـتە». (Haegeman, L., ١٩٩٨: ١٣).

بنەمـاکان، کـە پەیوەسـتن بـە نەخشـەی بۆماوەیـی زمانـەوە، منـاڵ لـە لەدایکبوونییـەوە پێـی بەخـشراوە و پێویسـت بـەوە نـاکات لـە ژینگـە و دەوروبـەرەوە وەریبگرێـت. ئەمـەش ئـەوە ئەگەیەنێـت، کـە منـاڵ پێشـوەختە پرۆگرامکـراوە بـە کۆزانیارییەکـی بنچینەیـی زمـان (ڕێزمـانی جیهانیـی)، کـە سیسـتەمێکی ئاوەزیـی دیاریکـراوی جێنەتیکییـە، لـە لەدایکبوونـەوە بـە شـێوەیەکی بایۆلۆژیـی لـە مێشـکی هەمـوو مرۆڤێکـدا هەیـە و، بەهۆیـەوە مـرۆڤ ئەتوانێـت لـە ماوەیەکـی دیاریکـراودا هـەر زمانێکـی سرووشـتیی/ ڕێزمانیـی ئاڵـۆزی هـەر زمانێـک، وەربگرێـت و فێربێـت. بڕوانـە: (Radford, A., ١٩٩٧:١١)، (Aitchison, J., ١٩٩٩:٢٨)، (Fromkin, V. & et al,

١- لێرەدا مەبەست لە زمانی سرووشتیی تەنها زمانی مرۆڤە، چونکە زمانە سرووشتییەکان زمانی مرۆڤ و زمانی سیما و زمانی دەست و دەموچاوبەکارهێنان و زمانی هەنگ و هەندێک زمانی تر ئەگرنەوە. بڕوانە: (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٨).

٢٠٠٠: ٧١٨). لە بەڵگە بەهێزەکانی بایۆلۆژیبوونی زمان ئەوەیە، کە: (ا) منداڵ لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیدا لە باریدایە و لە توانایدایە ئەو دەربڕاوانە بەرهەمبهێنێت، کە لەوەوپێش بە هیچ جۆرێک نەیبیستوون. (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٤٠). (ب) منداڵان لە سەرانسەری جیهاندا تا رادەیەکی زۆر بە هەمان شێوە و رێگە زمان وەرئەگرن، سەرەڕای ئەوەی ژینگە و بارودۆخی زمانییان جیاوازە. چاودێریکردنی منداڵان لە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمانە جیاوازەکان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، ئەوە دەرئەخات، کە قۆناغەکانی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵان، هاوشێوەن و بە ئەگەرێکی زۆرەوە جیهانیین. (Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N., ٢٠١١: ٣٢٩-٣٣٠). (پ) سنووردارێی زەمەنی زمانوەرگرتن لەلای منداڵ، (لینبێرگ) لە کتێبەکەیدا (بنەما سرووشتییەکانی زمان) بەڵگەیەکی زۆر دەخاتەڕوو، کە دەریئەخات قۆناغی زمانوەرگرتن لە نێوان (٢-١٢) ساڵیدا سنووردارەبووە، واتە منداڵ پێش دوو ساڵی، ناتوانێت لایەنە سەرەکییەکانی زمان فێرببێت، ئەگەر بە هەر هۆکارێکیش تا وەکوو دوانزە ساڵیی زمان فێرنەبێت، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ئەگەری فێربوونی زمان لەدەست ئەدات. وادیارە ئەم سنووردارەبوونە پەیوەندیی بە پێکهاتە و گەشەی مێشکەوە هەبێت[٢]
٣. بڕوانە: (محەمەد رەزا باتنی، ٢٠١٥: ١٦٩).

بنەماکان بەشێکن لە پێکهاتەی ئاوەزای مرۆڤ، کە بەپێی زمانەکان هەمەچەشن نین و ناگۆڕێن، بەڵکو جیهانیین و بە شێوەیەکی بایۆلۆژیی لە مرۆڤدا هەن و پەیوەستن بە فاکەڵتیی زمان(Language Faculty) ەوە. مرۆڤ بەهۆی ئەو فاکەڵتییەی، کە لە مێشکیدایە (بە مەرجێک گرفت و کەموکوڕیی نەبێت)، ئەتوانێت فێری هەر زمانێک ببێت، چونکە توانستی زمانیی، بە تەنها بۆ زمانێکی دیاریکراو نییە، هیی هەموو زمانە سرووشتییەکانە. لەم روانگەیەوە بیرکردنەوەیەکی لۆژیکییانە نییە ئەگەر وادابنرێت، کە هەندێک لە تاکەکان (بۆ نموونە ئەوانەی ئەبن بە قسەکەری رەسەنی زمانی ئینگلیزیی) بە رێزمانێکی تایبەتی زمانی ئینگلیزییەوە لەدایکبووبن، کە پێشوەختە لە مێشکیاندا گەنجکرابێت. بڕوانە: (Haegeman, L., ١٩٩٨: ١٢). هەڵبەت ئەمە بۆ زمانەکانی تریش هەمان شتە. ئەی کەواتە بۆچیی زمانەکان خاوەنی رێزمانی جیاوازن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بڕوانە پار و وەچەپارەکانی دواتری ئەم بەشە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە توانستە زمانییە زگماکییەکە (UG) تایبەتە بە مرۆڤ، پێڕەوەکانی تر (بۆ نموونە پێڕەوی زمانی سەگ) ئەم توانستەیان پێنەدراوە، هەربۆیە ناتوانن زمانی مرۆڤ فێرببن. بڕوانە: (Haegeman, L., ١٩٩٨: ١٣)، ((Cook, V. & Newson, M., ٢٠٠٧: ٤٧. لەم رووەوە، چۆمسکی پێیوایە توانای قسەکردن و وەرگرتنی زمان، تەنها هیی مرۆڤە و لەنێو زمانە سرووشتییەکاندا، بنەماکان تایبەتن بە زمانی مرۆڤ و رەنگدانەوەی سرووشتیی مێشکی مرۆڤن. وەرگرتنی زمان توانایەکە هەموو مرۆڤەکان هەیانە، بەبێ رەچاوکردن و گەڕاندنەوە بۆ ئاستی زیرەکیی گشتییان. لەم بارەیەوە زانیاریی زیاتر لە: (Radford, A., ٢٠٠٩: ٧)دا ئەبینرێت.

---

٢- لێرەدا مەبەست لە زمانی سرووشتیی تەنها زمانی مرۆڤە، چونکە زمانە سرووشتییەکان زمانی مرۆڤ و زمانی سیما و دەست و دەموچاوبەکارهێنان و زمانی هەنگ و هەندێک زمانی تر ئەگرنەوە. بڕوانە: (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٨).

**٢-١/١) پارامێتەر وەک تەواوکەری بنەما**

وەک لـە (١-١/١)دا قسـەی لەسـەر کـرا، مـرۆڤ کۆزانیارییەکـی زگماکیـی هەیـە، کـە لایـەنی بایۆلۆژیـی زمـان ئەگەیەنێـت و بـە بنەمـا ناوئەبرێـت، بـەڵام بنەمـا بـۆ وەرگرتنـی زمـان بـە تەنهـا بـەس نییـە، چونکـە ئەگـەر وەرگرتـن و فێربـوونی زمـان تەنهـا پەیوەسـت بووایـە بـە بنەمـاوە، ئـەوە ئەبـوو مـرۆڤ لـە هـەر شـوێنێک و لـە هـەر کاتێکدا لەدایکببووایـە و لـە هـەر بارودۆخێکیشـدا بژیایـە، بیتوانیایـە بـە هـەر زمانێـک، کـە خـۆی بیەوێـت، قسـەبکات. درووسـتتر بڵێیـن لـە جیهانـدا ئـەو هەمـوو زمانـە جیاوازانـە نەئەبـوون، هەمـوو مرۆڤـەکان بـە یـەک زمـان قسـەیان ئەکـرد، ئەوکاتەیـش پێویسـتی بـەوە نەئەکـرد، کـە مـرۆڤ هەوڵـی دروسـتکردنی زمـانی دەسـتکردی جیهانیـی بـدات.


لـە کاتێکـدا چەنـد بنەمایەکـی ڕێزمانیـی، جیهانییـن و درووسـتەی بنچینەیـی ڕێزمانیـی زمـان دیاریئەکـەن، بەهەمانشـێوە ژمارەیەکـی زۆر جیاوازیـی و هەمەچەشـنیی (پارامێتـەر) هـەن، کـە منـاڵ ئەبێـت لـە پرۆسـەی زمانوەرگرتنـدا فێریانببێـت. کاتێـک، کـە ئەوترێـت بنەمـاکان درووسـتەی ڕێزمانیـی زمـان دەستنیشـان ئەکـەن، ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت، کـە هەمـوو لایەنـەکانی درووسـتەی ڕێزمانیـی زمـان، لەلایـەن بنەماکانـەوە دیاریبکرێـن، چونکـە ئەگـەر وابووایـە، ئـەوە ئەبـوو هەمـوو زمانـەکان هەمـان درووسـتەی ڕێزمانییـان هەبوایـە و، فێربـوونی زمانیـش تەنهـا پێویسـتی بـە فێربـوونی وشـە ئەبـوو، بەبـێ ئـەوەی فێربـوونی درووسـتەیی، بەشـێک بووایـە لـە پرۆسـەی فێربـوونی زمانەکـە. بڕوانـە: (Radford, A., ٢٠٠٤: ١٦). بـۆ نموونـە وەچەپێکهێنـەرە خورتییـەکانی رسـتە لـە هـەر زمانێکـدا بێـت، بریتییـن لـە: (بکـەر، بـەرکار، کـردار). ئەمـە بنەمایـە، بـەڵام چۆنیەتیـی سـەرەوژێربوونیان لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر جیـاوازە و ئەگۆڕێـت. ئەمەیـان پارامێتـەرە، کـە بـە پارامێتـەری سـەرەوژێربوونی وشـە (word-order parameter) ناوئەبرێـت.

**١-٢-١/١) پارامێتەر، پەسنکردن و لێکدانەوە**

تیـۆری بنەمـا و پارامێتـەر تەنهـا ئـەو بنەمایانـە ناگرێتـەوە، کـە لـە نێـوان زمانەکانـدا هاوبەشـن، بەڵکـو ئـەو تایبەتمەندییـە ڕێزمانییانەیـش لەخۆدەگرێـت، کـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر ئەگۆڕێـن و بـە پارامێتـەر ناوئەبرێـن. بـەم پێیـە پارامێتـەر لـە تیـۆری P&P/GB))دا، ئامـاژە بـۆ ئـەو جۆرانـەی هەمەچەشـنیی ئـەکات، کـە لـە نێـوان زمانـە جیاوازەکانـدا هـەن. بڕوانـە: (Crystal, D., ٢٠٠٨: ٣٤٩). لـە پێناسـەیەکی تـردا هاتـووە: «پارامێتـەرەکان سـێتێک لـە بژاردەی تایبەتیـی زمانـن، کـە وا دانـراوە لەگـەڵ بنەمـا جیهانییەکانـدا بـۆ پێکهێنـانی ڕێزمـانی زمانێکـی دیاریکـراو، یەکئەگـرن/ کارلێکئەکـەن». (Jaeggli, O. & Safir, K., ١٩٨٩: ٢).

پارامێتـەر پەیوەسـتە بـەو ئەزموونانـەوە، کـە مرۆڤـەکان لـە ژینگـەی کەلتووریـی و کۆمەڵایەتیـی جیـاوازدا هەیانـە. ئەزمـوونی زمانیـی مرۆڤـەکان بەپێـی زمانـە جیـاوازەکان ئەگۆڕێـت، چونکـە مـرۆڤ لـە هـەر کۆمەڵگایەکدا، بەرکەوتنـی لەگـەڵ دیـاردە و داتـای زمانیـی جیـاوازدا ئەبێـت. ئەمـەش ئەبێـت بەهـۆی ئـەوەی ڕێزمـانی جیـاواز دروسـتبێت. بڕوانـە: (Smith, N., ٢٠٠٤: ١٥٧). فاکەڵتیـی زمـان لەسـەر بنەمـای ئـەو تێکـردە ئاخاوتنیـەی، کـە

منـاڵ (مـرۆڤ) لـە ژینگـە و دەوروبـەرەوە وەریئەگرێـت/ لەسـەر بنەمـای ئەزمـوونی زمانیـی، رێزمـانی زمانێـک/ رێزمانێکـی دیاریکـراو بـە منـاڵ ئەبەخشـێت. ئەکرێـت پرۆسـەکە وەک ئـەم نەخشـەیەی خـوارەوە وێنابکرێـت.




نەخشەی(١)[٣]

منـاڵ لـە قۆناغـی زمانوەرگرتنـدا، سـەرنجی بەکارهێنـانی زمـان لەلایـەن کەسـانی دەوروبەرییـەوە ئـەدات، ئـەو دەربـڕاوە زمانییانـەی، کـە ئەیانبیسـتێت، ئەزمـوونی زمانیـی مناڵەکـە پێکئەهێنـن. ئـەم ئەزموونـە ئەبێـت بـە تێکردە (Input) بـۆ فاکەڵتیـی زمـانی مناڵەکـە و دەرکـردە (Output)ی پرۆسـەکەیش، رێزمـانی زمانێکـی دیاریکـراو ئەبێـت. بڕوانـە: (Radford, A., ٢٠٠٩: ٦-٧). کەواتـە جیاوازییـەکانی نێـوان رێزمـانی زمانـە جیـاوازەکان، بـۆ ئـەو ئەزموونـە زمانییـە ئەگەڕێتـەوە، کـە منـاڵان لـە ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی دیاریکـراودا، بەرکەوتنیـان لەگەڵیـدا ئەبێـت. ئـەوە ئەزموونـە زمانییەکەیـە، کـە رێزمانێکـی دیاریکـراو، لـەو سـنوورەی، کـە رێزمـانی جیهانیـی رێگـەی پێیـداوە، بـۆ زمانێکـی دیاریکـراو دەستنیشـانئەکات.

پارامێتـەرەکان خـاوەنی تایبەتمەندییەکـی گشـتیین، کـە ئەویـش تایبەتمەندیـی (دووانەیـی/ دوولایەنیی)یـە. ئـەم تایبەتمەندییـە چەندێتیـی ئـەو هەمەچەشـنییە درووسـتەییەی، کـە لـە نیـوان زمانەکانـدا هـەن، سـنووردارئەکات. لـەم رووەوە، هـەر پارامێتەرێـک دوو بـژاردەی لەبەردەسـتدا ئەبێـت، کـە ئەمـەش ئەبێتەهـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی لـە نێـوان زمانەکانـدا. بەپێـی ئـەم تایبەتمەندییـە، هـەر پارامێتەرێـک دوو بەهـا لەخۆئەگرێـت، زمانێـک ئەتوانێـت یەکێـک لـەو دوو بەهایـە هەڵبژێرێـت، نـەک هەردووکیـان. بـەم پێیـە ئەکرێـت بوترێـت، سـنووردارکردنێکی جیهانیـی بـۆ هەمەچەشـنیی پارامێتـەرەکان هەیـە. رێزمـانی جیهانیـی بـۆ هـەر پارامێتەرێـک بـژاردەی دوولایەنیـی بەهـاکان دیاریئـەکات، زمانـەکان ئەبێـت یەکێـک لـەو بژاردانـە هەڵبژێـرن، کـە رێزمـانی جیهانیـی رێگەپێیـداون. بـۆ نموونـە لـە پارامێتـەری سـەردا، زمانێـک ئەبێـت یـان سەر-سـەرەتا بێـت، یـان سـەر-کۆتـا. لـە پارامێتـەری بکەرخـراودا، زمانێـک ئەبێـت یـان لـەو زمانانـە بێـت، کـە رێگـە بـە دەرنەبڕینـی بکـەر ئـەدەن، یـان بـە پێچەوانـەوە. بڕوانـە: (Radford, A., ١٩٩٧: ١٧)، (Radford, A., ٢٠٠٤: ٢٠). پێویسـتە ئـەوە بوترێـت، کـە ئەگەرچیـی تایبەتمەندیـی دووانەیـی/ دوولایەنیـی وەک تایبەتمەندییەکـی گشـتیی و جیهانیـی بـۆ پارامێتـەرەکان دانـراوە، بـەڵام لەراسـتییدا مـەرج نییـە لـە هەمـوو چەشـنەکانی پارامێتـەردا، ئـەم تایبەتمەندییـە وەکخـۆی/ بـە تەواوەتیـی لـە زمانێکـدا جێبەجێببێـت.

---

٣- ئەم نەخشەیە بە دەستکارییەکی کەمەوە لە: (Radford, A., ٢٠٠٩: ٧)ەوە وەرگیراوە.

ئەوەی، کە لە (١/١-١) و (١/١-٢) و (١/١-٢-١)دا خرایەڕوو، بەوەمان ئەگەیەنێت، کە بڵێین: زمان لە بنەڕەتدا بریتییە لە بنەما و پارامێتەر. ئەمەش لە راستییدا دید و تێڕوانینی چۆمسکی خۆیەتی لەبارەی زمانەوە، کە لە (Chomsky, ١٩٨١a) و (Chomsky, ١٩٨٦a) و (Chomsky, ١٩٨٦b)دا بانگەشەی بۆ کردووە. لەو بەرهەمانەدا چۆمسکی وای دائەنێت، کە بنچینەی زمانی مرۆڤ ئەبێت هەردوو پێکهاتەی بنەما و پارامێتەر لەخۆبگرێت. بنەما پێشنیازکراوەکانی چۆمسکی هەمەچەشن نیین و، بەسەر هەموو زمانە سرووشتییەکاندا جێبەجێ ئەبن. لە بەرامبەردا پارامێتەرەکان ژمارەیەکی دیاریکراو بەهای کراوەیان هەیە، کە جیاوازیی نێوان زمانەکان پیشانئەدەن. بڕوانە: (Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E., ٢٠١٣: ٦٢). ئەو هاوبەشیی و جیاوازییانەی، کە لە نێوان زمانەکاندا هەن، بیری چۆمسکییان بۆ ئەوە بردووە، کە زمانەکان بە مرۆڤ بەراورد بکات. لەم رووەوە ئەڵێت: «زمانەکان لە مرۆڤ ئەچن، بەوەی کە هەرچەندە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، کە لەوانی تر جیایان ئەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک کوالێتیی لە هەموویاندا هاوبەشە». (Chomsky, N., ١٩٦٥: ٥).

ئەگەرچیی ئاماژەدان بە هەردوو چەمکی بنەما و پارامێتەر وەک دوو بەشی سەرەکیی زمان لەلایەن چۆمسکییەوە، بۆ یەکەمجار ئەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمی (Lectures on Government and Binding, ١٩٨١)، پاشانیش لە بەرهەمەکانی دواتریدا زیاتر لەسەریان دواوە، بەڵام ئەکرێت بوترێت ئەم دوو چەمکە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە دوو تێرمی ترەوە هەیە، کە چۆمسکی لە ساڵی (١٩٦٥) لە بەرهەمی (Aspects of the theory of syntax)دا، کە بە تیۆری ستاندارد (Standard Theory) ناسراوە، ئاماژەیپێداون، کە ئەوانیش توانست (competence) و توانا (performance)ن. لەبارەی ئەم دوو زاراوەیەوە چۆمسکی ئەڵێت: توانست کۆزانیاریی قسەکەر و گوێگرە لەسەر زمانەکەیان. توانایش بەکارهێنانی راستەقینەی زمانە لە بارودۆخە بەرجەستەکاندا/ کۆنکرێتییەکاندا. (Chomsky, N., ١٩٦٥: ٤). بەم شێوەیە ئەبینین توانست هەر لایەنە بایۆلۆژییەکەی زمان ئەگرێتەوە، کە وەک یاسا و بنەما بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە ئاوەزی هەر مرۆڤێکدا هەیە و، بەهۆیەوە ئەتوانێت بێ سنوور رستە بەرهەمبهێنێت و لێیان تێبگات، تەنانەت لەو رستانەیش بگات، کە پێشتر بەکاری نەهێناون و نەیبیستوون. هەرچیی توانایە؛ بەرجەستەکەری توانستە، واتە بەرهەمهێنانی رستە و دەبڕاوە زمانییەکانە بە شێوەیەکی کارەکیی و راستەقینە لەسەر بناغەی توانستە زگماکییەکە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە توانا رەنگدانەوەی تەواوی توانست بێت، لە راستییدا هیچ کات توانست و توانا پەیکاڵی یەکتر نابن بە تەواوەتیی، بەڵام بۆئەوەی توانا لە توانست نزیک بکەینەوە، ئەبێت: (ا) رستەی بێگەرد و بێ کەموکووڕیی وەک داتا وەربگرین، (ب) وەرگرتنی داتاکە لە کەسی رەسەنی زمانەکە بێت، کە توانایەکی زۆری بۆ زاڵبوون و دەسەڵاتشکاندن بەسەر زمانەکەدا هەبێت، کە چۆمسکی خۆی بە (کەسی نموونەیی) ناوی ئەبات. لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرئەوەی توانست ناوەکییە و بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە مێشکدایە، بۆیە رستە بێگەرد و کەسە نموونەییەکانیش ناتوانن گوزارشتی تەواو لە توانست بکەن. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی (توانست) و (توانا)، بڕوانە: (Chomsky, N., ١٩٦٥). بەم جۆرە ئەبینین زاراوەکانی بنەما لەگەڵ توانست و پارامێتەر لەگەڵ توانا، لێک نزیکییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە. ئەو واتا و چەمکەی، کە بنەما لەڕووی بۆماوەییی زمانەوە دەیگەیەنێت، بۆ توانستیش هەمان شتە. ئەوەی پەیوەندیی بە پارامێتەر و تواناشەوە هەبێت،

پارامێتەر بە واتایەکی سادە بریتییە لە جیاوازیی نێوان زمانەکان، تواناش بەکارهێنانی زمانە لە بارودۆخە دەروونیی و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە ئەگەیەنێت، کە جیاوازیی نێوان زمانەکان لە هەر پێکهاتە و ئاستێکدا بێت، راستەوخۆ پەیوەندیی بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە.

### ٢-٢-١/١) پارامێتەر لە نێوان فەرهەنگ و رێزمان دا

فەرهەنگ/ فەرهەنگی ئاوەزیی (Mental Lexicon) بە وشەنامەی ناو مێشکی مرۆڤ، یان کۆگای وشە و یەکە زمانییەکان پێناسەکراوە. بڕوانە: (Aitchison, J., ١٩٩٠: ٩)، (Carnie, A., ٢٠١٣: ٢٤١)، (Estivalet, G., ٢٠١٦: ٤٥). ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە فەرهەنگ مەڵبەندی هەموو ئەو زانیارییە زمانییانەیە، کە لە ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەن. زانیارییە زمانییەکان لەناو توخمە فەرهەنگییەکاندا بە شێوەی ئەبستراکت هەڵگیراون و لە رێزماندا ئەنوێنرێن. هەریەک لە توخمە فەرهەنگییەکان هەڵگری جۆرێکی جیاوازی زانیاریی زمانیین، فۆنێمەکان زانیاریی فۆنۆلۆژیی و مۆرفیمەکانی دارشتن زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و ... تیایاندا گەنجکراوە. بڕوانە: (سازان زاهیر سەعید، ٢٠٢٠: ٢٣- ٤٧). لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی سەرەوە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا پارامێتەر هاوشێوەی زانیارییە زمانییەکانی تر زانیارییەکی فەرهەنگییە و نواندنەکەی لە رێزماندایە؟ ئەگەر وەهایە، ئایا تایبەتە بە توخمێکی دیاریکراوی فەرهەنگیی، یان زانیارییەکی زمانیی هاوبەشە لە نێوانیاندا؟

بۆ زانینی وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئاخۆ پارامێتەر زانیارییەکی فەرهەنگییە یاخود نا، وەها پێویست ئەکات، کە لە دید و تێروانینی چۆمسکییەوە، پەیوەست بە بنەما و پارامێتەرەوە، باس لە پێواژۆی زمانپژان بکەین. چۆمسکی کاتێک قسە لەسەر زمانپژانی منداڵ ئەکات، تیۆری مارکە (Theory of markedness) و تیۆری کرۆکە رێزمان (Theory of core grammar) دەهێنێتە ناو تیۆری زمانپژانەوە. لەم روانگەیەشەوە جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە، کە منداڵ ئەبێت دەستگایەکی/ پرۆگرامێکی تایبەتی هەبێت، بۆئەوەی یارمەتی بدات، ئەو یاسا مارکە لێنەدراوانە بدۆزێتەوە، کە لە زمانە سرووشتییەکاندا هەن. یاسا مارکە لێنەدراوەکان <کرۆکە رێزمان> پێکئەهێنن. بە یارمەتیی ئەو دەستگایە (رێزمانی جیهانیی) منداڵ کرۆکە رێزمان فێرئەبێت و، بە خێراییەکی زۆر یاسا مارکە لێنەدراوەکان وەردەگرێت. بۆ یاسا مارکەلێدراوەکان (یاسا نـاوازەکان) سەرچاوەیەکی یارمەتییدانی لەو جۆرە نییە، بۆیە منداڵ درەنگتر وەریانئەگرێت و فێریان ئەبێت. بڕوانە: (محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٢).

رێزمانی جیهانیی، کە بە قۆناغی بەرایی (Initial state)، یان قۆناغی سفر (Zero state) ئەناسرێت، لە مێشکی منداڵدا وەک سیستەمی بنەما و پارامێتەرەکان بوونی هەیە، کە زانیاریی زمانیی منداڵە لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە. «بەپێی تیۆری رێزمانی جیهانیی، هەموو مرۆڤێک لە لەدایکبوونییەوە گورزەیەک بنەما و پارامێتەری ئەبستراکتی پێبەخشراوە، کە شێوەی زمانەکان سنووردارئەکەن/ دیاریئەکەن، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی زمانەکانی مرۆڤ لەیەکتر بچن». (Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E., ٢٠١٣: ٦٢). ئەمە ئەو


قۆناغەیە، کە هێشتا منداڵ رووبەڕووی زمانێکی دیاریکراو نەبووەتەوە، زانیارییەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ بنەما و پارامێتەرەکانە. لەم قۆناغەدا پارامێتەرەکان هێشتا بەهایان دیارینەکراوە، منداڵ بەهای پارامێتەرەکان لەسەر بنەمای ئەزموون (هەبوونی زمانێک، کە لە دەوروبەری منداڵەکە قسەی پێ ئەکرێت)، دیاریئەکات، واتە منداڵ بەپێی ئەو ژینگەیەی، کە تێیدایە، بەها بە پارامێتەرەکان ئەدات و جێگیریان ئەکات. ئەمەش قۆناغی پێکهێنانی کرۆکە رێزمان(Core grammar)ە/ زمانی ناوەکیی(The internal language)یە، کە بە قۆناغی جێگیر (Steady state) ناسراوە. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., ٢٠٠٧: ٤٩-٥٠). پەیوەست بە دیاریکردنی بەها بۆ پارامێتەرەکان، بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک ئەزموونەکەی زمانی ئینگلیزیی بێت، لە پارامێتەری سەردا، یاسای (سەر + تەواوکەر) پەیڕەو ئەکات، نەک پێچەوانەکەی[٤].

مێشکی منداڵ سەرەتا بە رووی هەر زمانێکی سرووشتیی (هەر زمانێکی مرۆڤ)دا کراوەیە، ئەم کراوەییەی مێشک بە وەرگرتنی زمانێکی دیاریکراو نامێنێت. ئەوەی منداڵ پێویستە بیکات، ئەوەیە، کە لەسەر بنەمای ئەزموونە زمانییەکەی، ئەوە بدۆزێتەوە، کە زمانەکەی لە هەموو خاڵێکی هەڵبژاردندا، چ بژاردەیەکی هەڵبژاردووە. مەبەست لەوەیە، کە منداڵ لە کاتی زمانپژاندا، بەگوێرەی ئەزموونە زمانییەکەی/ بەپێی زمانی دایکی، بەهای پارامێتەرەکان دەستنیشانئەکات، چونکە وەرگرتنی زمانێک بە واتای رێکخستنی هەموو پارامێتەرەکانی رێزمانی جیهانیی دێت، بە شێوەیەکی گونجاو. پارامێتەرەکان لە ژمارەدا سنووردارن، بەڵام لە وەرگرتنی زماندا کاریگەرییەکی گەورە و بەهێزیان هەیە. بە جۆرێک، کە دەتوانرێت بوترێت، وەرگرتنی هەر زمانێکی دیاریکراو، لەسەر دەستنیشانکردنی بەهای پارامێتەرەکانی ئەو زمانە وەستاوە. بڕوانە: ((Cook, V. & Newson, M., ٢٠٠٧: ٥٩.

لە دوای ئەوەی، کە منداڵ بەهای پارامێتەرەکان دیاریئەکات و کرۆکە رێزمان پێکدێت، قۆناغی وەرگرتن و فێربوونی یاسا مارکەلێدراوەکان دەستپێئەکات. یاسا مارکەلێدراوەکان ئەوانەن، کە بە پێچەوانەی مەیلی گشتییەوەن و یاسابەدەرن، واتە پەیڕەوی لە یاسای گشتیی زمانەکە ناکەن و ناوازەن، وەک کرداره ناوازەکان. بۆ نموونە رێژەی فەرمانیی کرداری /هات/، کە /وەرە/یە، یاسابەند نییە، چونکە وەک کرداره فەرمانییەکانی تری زمانی کوردیی، بەپێی ئەو یاسایە دروست نەبووە، کە رێژەی فەرمانیی پێ سازئەکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەو کردارانەوە، فۆڕمێکی ناوازەی هەیە. هەر یاسایەکی مارکەلێدراو و لە یاسابەدەر، کە پەیڕەوی یاسای گشتیی نەکات، کرۆکە یاسا نییە و دەچێتە چوارچێوەی تیۆری مارکەوە. بڕوانە: (محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٧-٨). هەروەها بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., ٢٠٠٧: ٤٩-٥٩)، (محمد دبیر مقدم، ١٣٩٣/ ٢٠١٤: ٤٢٤-٤٢٥). نەخشەی (٢) پێواژۆی زمانپژان پەیوەست بە بنەما و پارامێتەرەکانەوە، لە روانگەی ئەو زانیاریانەی، کە خرانەڕوو، پیشانئەدات.

---

٤- وەک زانیاریی سەربار و زیادە، دەربارەی رێکخستنی پارامێتەری سەر (Head Parameter Setting) لە فرێزە فەرهەنگییەکانی زمانی تورکییدا، بەپێی قۆناغەکانی زمانپژانی منداڵ لە تەمەنی (١٦) مانگییەوە، دەتوانیت بڕوانیتە ئەم توێژینەوەیە: (Ekmekci, F. & Can, C., ٢٠٠٠)).




نەخشەی (٢)[٥]

کەواتە پێواژۆی زمانپێژان بەو شێوەیەیە، کە منداڵ لە لەدایکبوونییەوە بە خۆڕسکی دەستگای زمانیی هەیە و خاوەنی یاسا و ڕێسای گشتیی زمانە، پاشان بە زمانی دایکی، کە ئەکاتە زمانێکی تایبەت و دیاریکراو، پڕی ئەکاتەوە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە زمانپێژان پێواژۆیەکە، تێیدا ڕێزمانی تایبەتیی (کرۆکە ڕێزمان) لەبەر ڕێزمانی گشتیی (ڕێزمانی جیهانیی) پڕ ئەبێتەوە. بۆ نموونە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، لە ئەنجامی ئەوەی، کە کەرەستە و داتاکانی زمانی کوردیی ئەبن بە تێکردە بۆ ڕێزمانە گشتییەکە، منداڵی کورد زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی زمانی کوردیی وەرئەگرێت، لە دوای وەرگرتنەکە ئاوەز و بیرکردنەوە و دونیابینیی و زمانی منداڵەکە ئەبن بە کوردیی. بەم پێیە پەیوەست بە نەخشەی (٢)ەوە، بنەماکان بە پارامێتەری زمانی کوردیی ئەنەخشێنرێن، واتە پارامێتەرەکان ئەبن بە کوردیی. بڕوانە: (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠: ٨٢-٨٨).

ڕوونکردنەوەکان ئەو ئەنجامە دەستئەخەن، کە پارامێتەر لە بنەڕەتدا زانیارییەکی فەرهەنگییە، بەڵام بەهاکەی لە ڕێزماندا دەرئەکەوێت. ئێستا وەها پێویست ئەکات، کە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بچین، ئاخۆ پارامێتەر زانیارییەکی زمانیی دیاریکراوە، یان زانیارییەکی گشتییە و، پەیوەستە بە هەموو توخمە فەرهەنگییەکانەوە؟

ئەگەرچی هەریەک لە پێکهاتەکانی ڕێزمان پارامێتەری تایبەت بە خۆیانیان هەیە و لەم ڕووەوە پارامێتەری فۆنۆلۆژییانە و پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانە و پارامێتەری سینتاکسییانە لە یەکتر جیاکراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا پارامێتەر ئەدگارێکە زیاتر تایبەتە بە پێکهاتەی سینتاکس، چونکە لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بە شێوەیەکی گشتیی و لە تیۆری بنەما و پارامێتەر بە شێوەیەکی تایبەتیی، سینتاکس بە سەنتەر دانراوە، واتە بەپێی قوتابخانەکە/ تیۆرەکە سینتاکس دڵی زمان پێکدەهێنێت. زیاتر لەوەش نواندنی دیوی دەرەوەی زانیارییە زمانییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان بۆ بونیاتنانی درووستەی بڕگە و فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی ناسادە و فرێز، لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، لە ڕێگەی تیۆری (X-bar)ەوە ئەبێت. تیۆری (X-bar)یش لە بنەڕەتدا تیۆرێکی ڕێزمانییە بۆ درووستەی فرێز، کە توخمە پێکهێنەرەکانی فرێز لە نواندنێکی هەرەمیدا بۆ گشت زمانە سروشتییەکان دەخاتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی بڕگە و فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە ناسادەکانیش پڕۆژەی سەرە ڕێزمانییەکانن، واتە ئەوانیش وەک فرێز بە ڕەچاوکردنی بنەمای دووپەلکیی لە

٥- بیرۆکەی ئەم نەخشەیە لە: ((Cook, V. & Newson, M.، ٢٠٠٧: ٥٠، (محمد دبیر مقدم، ١٣٩٣/ ٢٠١٤: ٤٢٥)ەوە وەرگیراوە.

سەر و تەواوکەر پێکدێن، بۆیە سنووری کارکردنی تیۆرەکە بە جۆرێک فراوانکرا، کە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییش بگرێتەوە. بۆ چۆنیەتیی چالاککردنی تیۆرەکە بۆ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی، بڕوانە: (Ritter, N., ٢٠٠٦: ١٠٦-١١٣). بۆ کاراکردنی بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییش، بڕوانە: (Scalise, S., ١٩٨٦: ١٨٦-١٩١). بەرمەبنای ئەوەی، کە گوترا، ئەکرێت بڵێین: پارامێتەر لە بنەڕەتدا زانیارییەکی دیاریکراوی پێکهاتەی سینتاکسە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی بۆ پێکهاتەکانی تری ڕێزمانیش، لە زانیارییەکی زمانیی دیاریکراوەوە/ لە زانیارییەکی سینتاکسییەوە، بوو بە زانیارییەکی زمانیی هاوبەش لە نێوان توخمە فەرهەنگییەکاندا.

## ١/٢) پارامێتەری بکەرخراو

١-١/٢) پارامێتەری بکەرخراو لە زماندا بە گشتیی

ئەگەرچی بەپێی بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراو، هەموو ڕستەیەک ئەبێت بکەری هەبێت، بڕوانە: (Haegeman, L., ١٩٩٨: ٦٨)، (Crystal, D., ٢٠٠٨: ٣٩٠-٣٩١)، بەڵام بەشێک لە زمانەکان ڕێگەئەدەن بکەری ڕستەکانیان بە شێوەیەکی سەرپشکییانە دەرنەبڕدرێت و جێکەوتەکەی (جێکەوتەی بکەرە دەرنەبڕدراوەکە) بە کەتیگۆرییەکی بەتاڵ (Empty Category) پڕبکرێتەوە، کە پێی ئەوترێت (pro)ی بچووک. ئەم کەتیگۆرییە بەتاڵە (pro بچووک) تەنها لە دروستەی قووڵی ڕستەدا بوونی هەیە و لە دروستەی رووکەشدا بە شێوەیەکی فۆنەتیکیی دەرناکەوێت.

پارامێتەری بکەرخراو ئەو چەشنەی پارامێتەرە، کە باس لەوە ئەکات، ئەشێت بکەر بوونێکی بەرجەستە و ئاشکرای لە ڕستەدا نەبێت. بە واتایەکی تر ئەو پارامێتەرەیە، کە لەو بارەیەوە دەدوێت، ئاخۆ لە زمانێکدا ڕێگە بە گۆنەکردنی بکەری ڕستە ئەدرێت، یاخود نا. ئەو زمانانەی، کە ڕێگە بە گۆنەکردنی بکەری ڕستەکانیان ئەدەن، بە زمانە بکەرخراوەکان (null-subject languages/ pro-drop languages) ناسراون. هەرچی ئەو زمانانەی، کە ڕێگە بە دەرنەبڕینی بکەری ڕستەکانیان نادەن، پێیان ئەوترێت زمانە بکەرنەخراوەکان (non-null-subject languages /non-pro-drop languages). زمانەکانی وەک ئیتاڵیی و ئیسپانیی و گریکیی، نموونەن بۆ زمانە بکەرخراوەکان. لە بەرامبەردا زمانەکانی وەک ئینگلیزیی و فەڕەنسیی، لە چەشنی زمانە بکەرنەخراوەکانن. بڕوانە: (Chomsky, N., ١٩٨٨: ٢٤٠)، ((Biberauer, Th. & et al, ٢٠١٠: ٤. بەم پێیە زمانەکان لەڕووی پارامێتەری بکەرخراوییەوە جیاوازن. زمانەکانی وەک ئینگلیزیی و فەڕەنسیی و ... تاد، کە بکەرخراو نیین، بنەمای پرۆژەسازدانی فراوانکراو هاندەر و وروژێنەری بەدەرکەوتنی بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان(Expletives)ی وەک (It, There)یە بۆیان. ئەم بکەرانە داوای ڕۆڵی واتایی ناکەن، یان نییانە. بڕوانە: (حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٩: ١٠٩). با لە (١) بڕوانیین.

(١) a- It's snowing.

b- There are three children playing.

لە رستەکانی (١)دا، کە نموونەن بۆ زمانی ئینگلیزیی، ئەرک و رۆڵی (It, There) تەنها ئەوەیە، کە لەڕووی ڕێزمانییەوە جێکەوتەی بکەریان پڕکردووەتەوە، ئەگینا لەڕووی لۆژیکییەوە بکەر نیین و هیچ رۆڵێکی واتاییشیان بۆ تەرخان نەکراوە[٦].

زمانەکان لەڕووی بکەرخراوییەوە رەچاوی تایبەتمەندیی دووانەیی ئەکەن. مەبەست لەم تایبەتمەندییە ئەوەیە، کە زمانێک ئەبێت یان رێگە بە رستەی ئاشکرای بێ بکەر بدات، یان رێگەی پێ نەدات. گریمانەی ئەوە ئەکرێت، هیچ زمانێک نەبێت، کە رێگە بە هەندێک کرداری کات و کەسدار (Finite verb) بدات، کە بکەرخراو بن و رێگە بە هەندێکی تر نەدات[٧]

٨. بڕوانە: (Radford, A., ٢٠٠٩:١٣).

لە تیۆری بنەما و پارامێتەردا ژمارەیەک لێکدانەوەی جیاواز بۆ پەسنکردنی پارامێتەری بکەرخراو خراونەتەڕوو. یەکێک لە لێکدانەوە دیارەکان، کە لەلایەن (Rizzi, L., ١٩٨٢)ەوە پێشکەشکراوە و دواتر لە (Rizzi, L., ١٩٨٦)دا گەشەپێدراوە، پێیوایە دیاردەی بکەرخراویی پەیوەستە بە بوونی پێرەوێکی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی دەوڵەمەندەوە لە زماندا. زمانە بکەرخراوەکان پێرەوێکی شکاندنەوەی دەوڵەمەندیان هەیە، لە کاتێکدا زمانە بکەرنەخراوەکان پێڕەوی شکاندنەوەیان هەژارە. لەو زمانانەی، کە پێڕەوێکی شکاندنەوەی دەوڵەمەندیان هەیە، کردارەکان لەڕووی رێژە و رووکار و تاف و کەس و ژمارە و ... تاد ئەشکێنەوە. لەم روانگەیەوە بوونی نیشانەی رێککەوتن لەسەر کردار، وەک یەکێک لە مۆرفێمەکانی شکاندنەوە، کە ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییەکانی بکەری رستە لەڕووی کەس و ژمارەوە (رەنگە توخمیش)، رێگەپێدانی دەرکەوتنی (pro) لە جێکەوتەی بکەرە_دەرنەبڕاوەکە، دەستەبەرئەکات.

ئەوەی گرنگە بوترێت، ئەوەیە کە ناتوانرێت تەنها پشت بە دەوڵەمەندیی پێرەوی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە ببەسترێت و، بکرێت بە پێوەرێک و، لە رێگەیەوە بڕیار لەسەر بکەرخراویی و بکەرنەخراویی زمانێک بدرێت، لەبەرئەوەی زمانی وەها هەیە، مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی نییە، هەربۆیە هیچ نیشانەیەکی رێککەوتن لەسەر کردارەکانی دەرناکەوێت، کە ئاماژە بێت بۆ بکەرە_دەرنەبڕاوەکە، بەڵام هێشتا هەر زمانێکی بکەرخراوە، وەک زمانی چینیی[٨]

٩. بڕوانە (٤).

(٤) (Cook, V. & Newson, M., ١٩٩٧: ٢٨٦)        pro Shuo.

٦- لەگەڵ ئەوەی زمانی ئینگلیزیی بە زمانێکی بکەرنەخراو دادەنرێت، بەڵام دیسان ئەم زمانەیش لە رێژەی فەرمانییدا رێگە بە گۆنەکردن و دەرنەبڕینی بکەر ئەدات. ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لە رێژەی فەرمانییدا هەمیشە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم (تاک، یان کۆ) ئەکات، کە کارێک بەجێ بهێنێت، یاخود بەجێی نەهێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە دەرنەبڕینی بکەر لە رێژەکانی دیکەی زمانەکەدا، ناڕێزمانیی رستەکەی لێ ئەکەوێتەوە. بڕوانە (٢)، پاشان بە (٣) بەراوردی بکە.

(2) pro open the door.

(3) * pro opened the door

٧- بڕوانە (Holmberg, A. & Nayudu, A. & Sheehan, H., ٢٠٠٩)، (Holmberg, A., ٢٠١٠))، کە باس لەوە ئەکەن، کە زمانە سلاڤیکییەکان نیمچە بکەرخراون، واتە نە بە تەویاوەتی بکەرخراون و نە بە تەواوەتییش بکەرنەخراون!

٨- زمانێکی وەک (Brazilian Portuguese)یش پێرەوێکی شکاندنەوەی هەژاری هەیە و بکەرخراویشە. زمانەکە بەبێ ئەوەی مۆرفێمێکی رێککەوتنی هەبێت، کە نوێنەرایەتی بکەرە_دەرنەبڕدراوەکە بکات، لە هەندێک باردا رێگە بە گۆنەکردنی بکەر ئەدات. بڕوانە: Modesto, M., ٢٠٠٠)).

(٤) رستەیەکی بکەرخراوی زمانی چینییە، بۆ هەر شەش کەسەکە هەر ئەو فۆرمەی هەیە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، لە زمانی چینیی دا نیشانەی رێککەوتنی جیاواز نییە، کە بچێتە سەر کردارەکە و بەپێی کەسەکان بگۆڕێت، هەربۆیە ئەو رستەیەی زمانی چینیی، پەیکاڵی هەموو ئەو رستانەی زمانی کوردیی ئەبێت، کە لە (٥)دا پیشاندراون.

(٥) pro قسەئەکەم. pro قسەئەکەین.
pro قسەئەکەیت. pro قسەئەکەن.
pro قسەئەکات. pro قسەئەکەن.

ئەمە وایکرد تێڕوانینی تری جیاواز بۆ پارامێتەری بکەرخراو لەو تێڕوانینەی، کە بکەرخراویی بەستبووەوە بە بوونی پێڕەوێکی دەوڵەمەندی رێککەوتنەوە، بخرێتەڕوو. (Huang, ١٩٨٤) پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ناسینەوەی (pro) دەکەوێتەسەر بابەتی قسەلەسەرکراو. ئەگەر لە رێگەی شکاندنەوەکانەوە نەتوانین، کە بزانین دەربارەی کێ قسەکراوە، سەیری بابەتی گفتوگۆکە ئەکەین. بەم شێوەیە بابەتی قسەلەسەرکراو/ بابەتی گفتوگۆ ئەوە روون ئەکاتەوە، کە بکەرە_دەرنەبڕاوەکە کێیە. لە راستییدا ئەم بۆچوونە پەیوەندیی نێوان بکەرخراویی و شکاندنەوە لاواز ئەکات، یان هەر نایهێڵێت.

(Jaeggli, O. & Safir, K., ١٩٨٩) لە روانگەیەکی ترەوە ئەڕواننە بکەرخراویی زمانەکان و، پێیانوایە دیاردەی بکەرخراویی لە بەراوردکردنی ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆژییە جیاوازانەی، کە کردار لە تاقی رانەبوردوودا هەیەتی، دەرئەکەوێت. لەم رووەوە وای دائەنێن بکەرخراویی تەنها لەو زمانانەدا رێگەی پێ ئەدرێت، کە پەرادیگمای شکاندنەوە (Inflectional paradigm)ی هاوشێوەی مۆرفۆلۆژییانەیان هەیە. زمانێک بە هاوشێوەی مۆرفۆلۆژییانە هەژمارئەکرێت، ئەگەر فۆرمەکانی لە تاقی رانەبوردوودا بۆ هەر شەش کەسەکە بشکێنەوە، یاخود بۆ هیچ کامیان نەشکێنەوە. بەم پێیە زمانە بکەرخراوەکان لەڕووی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەوە هاوشێوە ئەبن، لە کاتێکدا زمانە بکەرنەخراوەکان هاوشێوە نابن.

لێرەوە دووبارە پێناسەی پارامێتەری بکەرخراو لە رێگەی دوو بەهاوە، کراوە: (ا) زمانەکە بەهای (+ هاوشێوەیی) بۆ هەموو کەسەکان هەیە، واتە یان کردارەکە لە تاقی رانەبوردوودا بۆ هەر شەش کەسەکە ئەشکێتەوە، یان بۆ هیچ کەسێکیان ناشکێتەوە. لە ئەنجامیشدا رێگە بە (pro) ئەدرێت، واتە رێگە بە بکەرخراویی زمانەکە ئەدرێت. (ب) زمانەکە بەهای (- هاوشێوەیی) بۆ هەندێک لە کەسەکان هەیە، واتە کردارەکە بۆ هەندێک لە کەسەکان ئەشکێتەوە و بۆ هەندێکی تریان ناشکێتەوە. لە ئەنجامیشدا رێگە بە (pro) نادرێت، واتە رێگە بە بکەرخراویی زمانەکە نادرێت. بڕوانە: (Cook, V. & Newson, M., ١٩٩٧: ٢٨٨).

پەیوەست بەو پێناسەیەی، کە لە روانگەی دوو بەهاوە بۆ پارامێتەری بکەرخراو کرا، پرسیارێک درووستئەبێت، کە ئەویش ئەوەیە: بۆچیی زمانەکانی وەک چینیی و ئیسپانیی، کە لە یەکەمیاندا کردارەکە بۆ

هیچ کام لە شەش کەسەکە ناشکێتەوە و لە دووەمیشیاندا بۆ هەر شەش کەسەکە ئەشکێتەوە، بکەرخراون، بەڵام زمانی ئەڵمانیی، کە بەهەمانشێوەی زمانی ئیسپانیی، شکاندنەوەی بۆ هەموو کەسەکان هەیە، زمانێکی بکەرنەخراوە؟

(Jaeggli, O. & Safir, K., ١٩٨٩) دەڵێن: (pro) ئەکرێت لە زمانی ئەڵمانیی دا ڕێگەپێبدرێت، بەڵام ناتوانرێت بناسرێتەوە، لەبەرئەوەی جووڵەی دووەمی کردار (Verb-second)[٩] ١٠ لە زمانەکەدا، تاف و ڕێککەوتن بۆ دوو نۆدی جیاواز لەیەکتر جیائەکاتەوە. ئەو ڕاستییەی، کە (pro) لە زمانی ئەڵمانیی دا ڕێگەی پێ ئەدرێت، ئەوە ئەگەیەنێت، کە بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان، ئەتوانرێت لە زمانەکەدا دەرنەبڕرێن. ئەمەش پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیی دا دەرنەبڕینی بکەرە هێزدەربڕە بۆشەکان ڕێگەپێنەدراوە.

پەیوەستکردنی دیاردەی بکەرخراویی زمانەکان بە بابەتی هاوشێوەیی مۆرفۆلۆژییانەوە، ڕەنگە چەند ڕێگەیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بکەرخراویی نێوان زمانەکان، بە هەمان ئەندازەیش گرفت بۆ دیاردەکە دروست بکات. زمانەکان هەتا ڕادەیەک مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ دیاردەی بکەرخراوییدا ئەکەن، هەربۆیە ئاسان نابێت لە ڕێگەی هۆکارێکی دیاریکراوەوە، دیاردەکە لە هەموو زمانەکاندا پەسن بکرێت. زانیاریی و وردەکاریی زیاتر دەربارەی پارامێتەری بکەرخراو لە زمانە جیاوازەکاندا، لەم سەرچاوانەدا دەبینرێت: (Jaeggli, O. & Safir, K., ١٩٨٩)،(Cook, V. & Newson, M., ١٩٩٧: ٥٥-٦١, ٢٨٤-٢٩١) ، (Kato, M. & Negrão, E., ٢٠٠٠)، (Biberauer, Th. & et al., ٢٠١٠).

٢-١/٢) پارامێتەری بکەرخراو لە زمانی کوردیی دا

لە وەچەپاری پێشوودا ئاماژە بەوە درا، کە زمانەکان لەڕووی بکەرخراوییەوە بەسەر دوو جۆردا دابەش ئەبن، کە ئەوانیش زمانە بکەرخراوەکان و زمانە بکەرنەخراوەکانن. بە واتایەکی تر زمانەکان لەڕووی بکەرخراوییەوە پابەندی تایبەتمەندییەک ئەبن، کە ئەویش ئەوەیە زمانێک ئەبێت یان بە تەواوەتی بکەرخراو بێت، یان بەپێچەوانەوە. لە ڕاستیدا تێبینیی ئەوە ئەکرێت، کە لە چوارچێوەی یەک زماندا، ئەشێت زارێک بکەرخراو بێت و زارێکی تر بکەرخراو نەبێت. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە لە هەندێک زماندا تایبەتمەندییەکە وەک خۆی جێبەجێنابێت، چونکە لەڕووی بکەرخراوییەوە جیاوازی لە نێوان زارەکانی ئەو زمانانەدا هەیە. لەم ڕووەوە زمانی کوردیی نموونەیەکی دیار و بەرچاوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردیی بە زمانێکی بکەرخراو دانراوە، بەڵام کرمانجیی ژووروو، کە زارێکی زمانەکەیە، بکەرخراو نییە. بڕوانە (٦) و (٧).

---

٩- (Verb-second)، کە کورتکراوەکەی (V٢)ە، یەکێکە لەو جوڵانەی/ پارامێتەرانەی، کە لە بەشێک لە زمانەکانی کۆمەڵەی جێرمەنیک دا، بە تایبەت لە زمانی ئەڵمانیی و هۆڵەندیی دا، هەیە. لە (V٢)دا کۆت و بەندی سەرەکیی لەسەر ڕیزبەندیی کەرەستەکان بەو شێوەیەیە، کە لە کڵەوزە سەرەکییەکاندا وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستە دەکرێت لە هەر ڕیزبەندییەکدا دەربکەون، بەڵام کردارەکە ئەبێت بکەوێتە جێکەوتەی دووەم(Second position)ەوە لە ڕستەکەدا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Ouhalla, J., ١٩٩٤: ٢٨٤-٢٩٠)، ((Cook, V. & Newson, M., ١٩٩٧: ٢١٨-٢٢٢)، (Fromkin, V. & et al, ٢٠٠٠: ٣٤٥-٣٤٦)، ((Wenzlaff, M. & Clahsen, H., ٢٠٠٥)، (Wetta, A., ٢٠١١: ٢٤٨-٢٦٨)، (Carnie, A., ٢٠١٣: ٣٢٠-٣٢١).

(٦) ا- من سێوم خوارد.
ب- pro سێوم خوارد.
(٧) ا- من سێڤ خوار.
ب- * pro سێڤ خوار

لە زمانی کوردیی (زاری کرمانجیی ناوەراست)دا کاتێک بمانەوێت لێکدانەوە بۆ پارامێتەری بکەرخراویی بکەین، ئەوا ئەتوانین پەیوەست بە سێ لایەنەوە ئەم کارە بەجێ بهێنیین، کە ئەوانیش بریتین لە:
ا) بکەرخراویی پەیوەست بە رێککەوتنەوە
زمانی کوردیی بە بوونی پێرەوێکی زەنگین و دەوڵەمەند بۆ مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی کردار بەناوبانگە، هەربۆیە دەبینین «ناسینەوەیەکی مۆرفۆلۆجیی ئاشکرا لە نێوان فرێزی ناویی بکەر (فرێزی دیارخەریی بکەر_توێژەر) و مۆرفیمە گەردانییەکەی کەس (رێککەوتن Agreement) لە کردارە کات و کەسدارەکاندا هەیە». (حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٩: ١٧٤). ئەمەش وایکردووە، کە لە زمانی کوردیی دا بتوانرێت ئارەزوومەندانە بکەر دەرنەبڕێت و (pro)یەکی بچووک لە جێکەوتەکەیدا دابنرێت. (pro)یەکە لە رێگەی مۆرفێمەکانی رێککەوتنەوە، بۆ زۆربەی کەسەکان دەزانرێت، کە ئاماژە بۆ کێ ئەکات/ بۆ کێ ئەگەڕێتەوە. بەمەش بکەرە_دەرنەبڕاوەکە لەڕووی کەس و ژمارەوە ئەناسرێتەوە. بڕوانە نموونەکانی خوارەوە.

(٨) pro رۆیشتم.	pro رۆیشتین.
pro رۆیشتیت.	pro رۆیشتن.
pro رۆیشتpro	.Ø رۆیشتن.

(٩) pro ژوورەکەم بۆیەکرد.	pro ژوورەکەمان بۆیەکرد.
pro ژوورەکەت بۆیەکرد.	pro ژوورەکەتان بۆیەکرد.
pro ژوورەکەی بۆیەکرد.	pro ژوورەکەیان بۆیەکرد.

شایەنی وتنە، کە پێواژۆی رێککەوتن لە زمانی کوردیی دا (لەو زمانانەیش، کە سیستەمێکی رێککەوتنی دەوڵەمەندیان هەیە) کراوە بە بنەما و پێوەرێکی گشتیی و، بەهۆیەوە بڕیار لەسەر بکەرخراویی زمانی کوردیی دراوە، بەڵام بشڕوانە خاڵی (ب) و (پ).

ب) بکەرخراویی پەیوەست بە قورساییخستنەسەرەوە
قورساییخستنەسەر (Stress) وەک نواندنێکی ناکەرتیی فۆنۆلۆژییانە، تەرزێکی فەرهەنگیی و رێزمانیی هەیە. بڕوانە: (محەمەدی مەحویی، ٢٠١٦: ١٤٣-١٤٦). لە نواندنە فەرهەنگییەکەیدا تەرزی قورساییخستنەسەر نیشانەکراوە، بەڵام لە بەرێزمانبوون/ بەسینتاکسبوونی توخمە فەرهەنگییەکاندا، قورسایی ئازادانە و بەپێی

خواستی قسەکەر ئەنوێنرێت. هەرچەندە لە نواندنی سینتاکسیی زمانی کوردیی دا (بە تایبەت لە رستەدا)، قورسایی سەرەکیی (Primary Stress) بۆ بەرکارە و ئەوەیش وایکردووە، کە زمانەکە بەرکارخراو نەبێت، بەڵام گۆڕینی تاکلایەنانەی قورسایی بۆ سەر بکەر لەلایەن قسەکەرەوە، واجئەکات لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بکەرەکەیش سەرەڕای ئامادەیی مۆرفێمی ڕێککەوتن، ئەگەری خستنی جێبەجێ نەبێت. بڕوانە نموونەی (١٠-ب)، کە بەهۆی ئەو قورساییەی دەخرێتە سەر بکەرەکەی /هەردی/، رستەکە ئەبێتە وەڵام بۆ پرسیاری (١٠-ا)، بەوەش گۆکردنی بکەری (١٠-ب) بە خورتیی ئەبێت.

(١٠) ا- کێ یارییەکەی بردەوە؟

ب- هەردی یارییەکەی بردەوە.

بە هەمان شێوەی نموونەکەی سەرەوە، ئەو رستانەی زمانی کوردیی، کە فرێزە دیارخەرییە بکەرییەکەیان لە «ناوێکی گشتیی، بە مەرجی قورساییخستنەسەر» پێکهاتووە، بکەرخراو نین. بە دەربڕینێکی تر ئەو ناوە گشتییانەی، کە لە رستەدا بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە گۆکردنی فرێزی دیارخەرییان ئەبێت و جێکەوتەی بکەر پڕئەکەنەوە، ناتوانرێت سەرپشکییانە دەرنەبڕرێن، چونکە قورساییخستنەسەر وەک جێگرەوەی فۆنۆلۆژییانەی دیارخەر، نیشانەی واتایی [+ دیاریکراویی و جیاکردنەوە] بە ناوە گشتییەکان ئەدات، نەک نیشانەی [+ ناسراویی]، بۆیە بە دەرنەبڕینی بکەر، لە رێگەی مۆرفێمی رێککەوتنەوە ئەو (pro)یە ناناسرێتەوە، کە لە جێکەوتەی بکەرەکە دائەنرێت. بەمەش رستەکە (ئەو رستەیەی، کە بکەرەکەی دەرنابڕرێت) لەڕووی واتاوە ناڕوون ئەبێت. بڕوانە (١١) و (١٢).

(١١) ا- کوڕ هەڵگری رەچەڵەکی بنەماڵەیە.

ب- ؟ pro هەڵگری رەچەڵەکی بنەماڵەیە

پ- ؟ کوڕەکە هەڵگری رەچەڵەکی بنەماڵەیە

ت- کوڕ هەڵگری رەچەڵەکی بنەماڵەیە، نەک کچ.

(١٢) ا- گەنج داهاتووی هەر وڵاتێکە.

ب- ؟ pro داهاتووی هەر وڵاتێکە

پ- ؟ گەنجەکە داهاتووی هەر وڵاتێکە

ت- گەنج داهاتووی هەر وڵاتێکە، نەک پیر/ کەسی بەتەمەن.

لە (١١-ا) و (١٢-ا)دا قورساییخستنەسەر ناوی /کوڕ/ و /گەنج/ی ناسراو نەکردووە، بەڵکو لەڕووی توخم و تەمەنەوە جیایکردوونەتەوە، هەربۆیە (١١-پ) و (١٢-پ)، کە لەڕووی واتاوە جێی گومانن و نیشانەی پرسیاریان لەسەرە، نابن بە هاوواتای (١١-ا) و (١٢-ا)، بەڵکوو (١١-ا) ئەو واتایە ئەگەیەنێت، کە لە (١١-ت) دا ئاماژەپێکراوە و (١٢-ا)یش ئەو مانایەی هەیە، کە لە (١٢-ت)دا خراوەتەڕوو.

سەربارەت بە نموونەکانی (١١، ١٢) و ئەو روونکردنەوانەی، کە لە بارەیانەوە پێشکەشکرا، بڕوانە رستەکانی (١٣)، کە فرێزە دیارخەرییە بکەرییەکەیان بەرهەمی سەری پڕۆژەسازەرێ /_ەکە/یە، پاشان لەڕووی بکەرخراوییەوە بەوانەی (١٤) بەراوردیان بکە.

(١٣) ا- پیاوەکە کارەکەی جێبەجێ کرد.

ب- منداڵەکە رقی لە باوەژنیەتی.

(١٤) ا- پیاو کاری وەها ناکات.

ب- منداڵ رق لە دڵ ناگرێت.


پ) بکەرخراویی پەیوەست بە درووستەی زانیارییەوە

دروستەی زانیاریی (Information Structure) «ئاستی رێکخستنی رستەیە، ئەوە دەخاتەڕوو، کە قسەکەر چۆن دەربڕینەکانی لە کۆنتێکستدا پێکدەهێنێت، بە جۆرێک کە ئاسانکاریی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی بکات». (Dalrymple, M. & Nikolaeva, I.، ٢٠١١: ٤٥) ). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە، کە «دروستەی زانیاریی ئەو میکانزمەیە، کە هەوڵئەدات دروسترین فۆرم بۆ ئاخاوتن و پەیامەکان هەڵبژێرێت، مەبەستیش لە دروسترین فۆرم ئەوەیە، کە گوێگر لەهەر بارێکدا بێت بتوانێت بە راستی و دروستی لە پەیامی قسەکەر تێبگات». (گۆنا عومەر عەبدوڵا، ٢٠١٣: ١٧).

دروستەی زانیاریی لە دوو بەش پێکدێت، کە ئەوانیش بریتین لە: (ا) زانیاریی زانراو (سەرتۆپ Topic): ئەو بەشەی زانیارییە، کە لە ئاوەزی قسەکەردا پێشبینیلێکراو و زانراوە، ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا ئەبێت بە بەربەست لە بەردەم سوودمەندبوون لە زانیاریی دواتر، (ب) زانیاریی نوێ (کۆمێنت Comment): ئەو بەشەی زانیارییە، کە لەبارەی سەرتۆپەوە ئەدوێت، یاخود یەکەیەکی روونکەرەوەیە بۆ زانیاریی زانراو، کە توخمی تیشکۆ (Focus)[١٠] لەخۆئەگرێت. بڕوانە: (کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨: ١٢٥-١٢٧)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر، ٢٠١١: ٤٠٤).

لە زمانی کوردیی دا بونیاتنانی پڕۆژەی رستە لەڕووی دروستەی سینتاکسییەوە لە لای چەپەوە بۆ لای راست ئەبێت، بە جۆرێک پڕۆژەکە لە (VP)یەوە بۆ (TP) و لەویشەوە بۆ (AgrP) دەچێت، بەڵام لەڕووی دروستەی زانیارییەوە پرۆسەکە بە پێچەوانەوەیە (لە لای راستەوە بۆ لای چەپە)، چونکە بەپێی دروستەی زانیاریی، رستە لە سەرتۆپەوە دەستپێئەکات، جێکەوتەی سەرتۆپیش لە رستەی ئاساییدا (رستەیەکی هەواڵیی، کە ئاوازێکی ئاسایی هەبێت) لە سەرەتای رستەدایە. بڕوانە هێڵکاریی (١).


١٠- لە دروستەی زانیارییدا، ئەشێت چەمکی تیشکۆ و چەمکی کۆمێنت پەیکاڵی یەکتر بن. هاوکات ئەشێت تیشکۆ ئەو وەچەپێکهاتەیەی ناو کۆمێنت بێت، کە زەقکراوەتەوە و جەختی خراوەتەسەر. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیشکۆ و بابەت و بوارەکانی پەیوەست بە تیشکۆوە، بڕوانە: (کاروان عومەر قادر، ٢٠٠٨: ١٢٨-١٥٧)، (گۆنا عومەر عەبدوڵا، ٢٠١٣)، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی، کە ئەوان ئاماژەیان پێداون.




**هێلکاری (١)**


ئەوەی هەتا ئێرە دەربارەی دروستەی زانیاریی وترا و پەیوەست بە پارامێتەری بکەرخراوییەوە بۆ ئێمە جێگەی بایەخە، ئەوەیە کە: (ا) سەرتۆپ زانیارییەکی زانراو و پێشبینیلێکراوە، (ب) سەرتۆپ لە رستەی ئاساییدا لە جێکەوتەی بکەردایە. ئێستا لە روانگەی خاڵی (ا) و (ب)ەوە گرنگە بپرسین: ئایا پەیوەند بە دروستەی زانیارییەوە، دەرنەبڕینی سەرتۆپ لە رستەدا رێگەپێدراوە؟ بەو پێیەی، کە کۆمێنت زانیارییەکی نوێیە و بەهۆی سەرتۆپەوە، کە زانیارییەکی زانراوە، ئەبێت بە زانیارییەکی سوودبەخش بۆ گوێگر، ئامادەیی سەرتۆپ لە رستەدا پێویستە، بەڵام هەبوونی مۆرفیمی رێککەوتن وەک نوێنەری سەرتۆپەکە لەنێو بەشی کۆمێنتدا، وای لە هەندێک لێکۆڵەر کردووە، کە باوەڕیان وابێت ئەکرێت سەرتۆپ لە رستەدا دەرنەبڕێت، چونکە زانیاریی زانراو ئەتوانرێت بە مۆرفیمی رێککەوتن ئاماژەی بۆ بکرێت. بڕوانە (گۆنا عومەر عەبدوڵا، ٢٠١٣: ٦٨). لە راستییدا ئەم بۆچوونە ئەگەر بۆ ئەو رستانەش راست بێت، کە کردارەکانیان تەنها واتایەکی پێکهاتەییان هەیە، ئەوا بۆ ئەو رستانە راست نییە، کە کردارەکانیان سەرباری واتا پێکهاتەییەکە، ئەتوانن بە واتایەکی ناپێکهاتەییشەوە بەکاربێن. با لە (١٥) و (١٦) بڕوانین.

(١٥) ا- [ژنەکە] [پیاوەکەی خواردووە].




ب- pro پیاوەکەی خواردووە.

(١٦) ا- [پاتری کۆنترۆڵەکە] [تۆپیوە∅].




ب- pro تۆپیوە.

نموونەکانی (١٥-ب) و (١٦-ب) لەرووی سینتاکسییەوە دروستەی رێگەپێدراون، بەڵام لەرووی دروستەی زانیارییەوە کەموکووڕییان هەیە، چونکە دەرنەبڕینی سەرتۆپ لە هەریەک لەو دوو رستەیەدا، وایکردووە،

کە کۆمێنتەکە بە تەنها خۆی نەتوانێت دارووستەیەکی زانیاریی تەواو و پڕاوپڕ پێکبهێنێت، بەڵکو دارووستە بەرهەمهاتووەکان واتایەکی ناڕوونیان هەیە و بە سانایی تێگەیشتن ناهێننە ئاراوە.

لە نموونەکانی سەرەوەدا سەرتۆپ لە جێکەوتەی بکەردا هاتووە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئەو جێکەوتەیە لەلایەن سەرتۆپەوە پڕبکرێتەوە، بەڵکو ئەشێت کەتیگۆریی تیشکۆیش لەو جێکەوتەیەدا بێت. دەرکەوتنی تیشکۆ لە جێکەوتەی بکەر ئەوە ئەگەیەنێت، کە بکەرەکە ئەبێت بە هەڵگری زانیاریی نوێ و ئەو توخمە ئەبێت، کە لە رستەدا قسەکەر جەختی لەسەر ئەکاتەوە. لەو روانگەیەوە، کە بەپێی دارووستەی زانیاریی، زانیاریی نوێ لە هیچ بارێکدا ناکرێت بە مۆرفیمی رێککەوتن دەرببڕرێت، بۆیە هەر وەچەپێکهاتەیەکی رستە، کە زانیاریی نوێ بگەیەنێت، بوونی لە رستەکەدا بە خورتییە. بەم پێیە ئەگەر بکەر تیشکۆی لەسەر بێت، ئەوا لەڕووی دارووستەی زانیارییەوە ناتوانرێت دەرنەبڕرێت، جا ئەگەر دەرنەبڕینی لەڕووی سینتاکسییەوە رێگەپێدراو بێت، یاخود نا. بڕوانە نموونەکانی (١٧) و (١٨) و لە هەردوو لایەنی دارووستەی سینتاکسیی و دارووستەی زانیارییەوە لێیان وردببەرەوە.

(١٧) ا- [خێرخوازان]  [مزگەوتەکەیان دارووستکرد].

تیشکۆ سەرتۆپ

ب- pro مزگەوتەکەیان دارووستکرد.

(١٨) ا- [من]  [پارمەتیم دایت، نەک ئەو]!

تیشکۆ سەرتۆپ

ب- ؟ pro پارمەتیم دایت، نەک ئەو

## ئەنجام:

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەم چوار خاڵەی خوارەوەدا ئەخەینەڕوو:

١- چەمکی پارامێتەر بە تەواوەتی وابەستەی چەمکی بنەمایە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی پارامێتەر، تێگەیشتنی پێشوەختە لە چەمکی بنەما، مەرجێکی بنەڕەتییە.

٢- پارامێتەر بەهەمان شێوەی زانیارییە زمانییەکانی تر زانیارییەکی فەرهەنگییە، بەڵام بەهاکەی لە رێزماندا دەردەکەوێت. ئەم زانیارییە فەرهەنگییە (پارامێتەر) لە بنەڕەتدا تایبەتە بە پێکهاتەی سینتاکس، واتە زانیارییەکی سینتاکسییە، بەڵام بەکارهێنانی بۆ پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییش وایکرد، کە ببێت بە زانیارییەکی زمانیی هاوبەش لە نێوان توخمە فەرهەنگییەکاندا.

٣- ناتوانرێت لە رێگەی هۆکارێکی دیاریکراوەوە راڤەی پارامێتەری بکەرخراویی لە هەموو زمانەکاندا بکرێت،

بۆیە چەند لێکدانەوەیەکی جیاواز بۆ پەسنکردنی پارامێتەرەکە خراونەتەڕوو، کە دیارترینیان پەیوەستکردنی پارامێتەری بکەرخراوییە بە بوونی پێڕەوێکی مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوەی دەوڵەمەندەوە لە زماندا.

٤- لە زمانی کوردیی دا، دەتوانرێت پەیوەست بە سێ لایەنی جیاوازەوە شیکردنەوە بۆ پارامێتەری بکەرخراویی بکرێت، کە ئەوانیش بریتیین لە: (ا) بکەرخراویی پەیوەست بە رێککەوتنەوە، (ب) بکەرخراویی پەیوەست بە قورسایی خستنەسەرەوە، (پ) بکەرخراویی پەیوەست بە درووستەی زانیارییەوە.

## مفهوم البارامیتر في اللغة

## (بارامیتر اسقاط الفاعل کنموذج)

## الخلاصة:

تتكون اللغة أساساً من مبادئ وبارامیترات. تشمل المبادئ الجانب البايلوجي للغة إضافة الى الجوانب النحوية المشتركة بين اللغات. أما البارامیترات فهي تغطي الخصائص النحوية التي تختلف باختلاف اللغات. إن هذا البحث يخصص لدراسة مفهوم البارامیتر عموماً وبالأخص بارامیتر اسقاط الفاعل. إلا انه يوضح مفهوم المبادئ في اللغات الطبيعية قبل التطرق لمفهوم البارامیتر، بما أنه يصعب استيعاب تام لمفهوم هذا الاخير إن لم تتوفر معرفة مسبقة عن المفهوم الاول، ومن ثم يتناول هذا البحث دراسة البارامیتر على نحو يكمل مفهوم المبادئ. وبالمقابل، تقصد بالبارامیترات جميع الفروقات النحوية التي يتعلمها الطفل في أثناء عملية اكتساب اللغة. ومن هذا نستنتج أن البارامیترات مرتبطة بالتجارب اللغوية التي تتكون للانسان في البيئات الأجتماعية والثقافية المختلفة. وإن هذه التجارب اللغوية هي التي تحدد قواعد نحوية خاصة بلغة معينة، وذلك في الحدود التي تجيزها القواعد النحوية العالمية. والجدير بالذكر، أن الأختلافات النحوية بين اللغات كثيرة ومتعددة الابعاد، حيث تم دراستها من خلال تناول الانواع المختلفة للبارامیترات، ولكن الجانب التطبيقي لهذا البحث ينصب فقط على أحد هذه الانواع وهو بارامیتر اسقاط الفاعل، ومن ثم يبين هذا البحث التحليلات المختلفة التي اقترحت لوصف اسقاط الفاعل في اللغات (وبالأخص اللغة الكوردية).

الكلمات المفتاحية: المبادئ، البارامیتر، بارامیتر اسقاط الفاعل، التوافق، النبرة، هيكل المعلومات.

# Concept of Parameters in language (Pro-drop parameter as an example)


**Abstract:**

Languages consist basically of principles and parameters. The principles cover the biological aspect of language as well as the grammatical aspects common to all languages. While the parameters include those grammatical characteristics that differ between languages. This article is devoted to study the concept of parameters in general, and specifically that of the Pro-drop parameter. However, since understanding the concept of parameters thoroughly without having prior information about the concept of principles is unattainable, the study therefore, clarifies the concept of the latter in the natural languages before addressing the former. In addition, its discussion of the concept of parameters would be as the complement to the concept of principles. In return, it's meant by parameters all the grammatical divergences that a child learns during the language acquisition process. This implies that the parameters are correlated to the linguistic experiences of humans in different cultural and social environments. It is then the linguistic experiences which determine a specific grammar for a specific language, within the limits of universal grammar. It is also worth mentioning that the grammatical varieties in languages, which have been studied in the context of various types of parameters, are plenty and multi-demensional, yet, the practical aspect of this study, discusses only one sort of parameters, which is Pro-drop parameter. This article finally demostrates the different analysises proposed for the discription of the null subjectivity of languages (Kurdish language in particular).


Key words: Principle, Parameter, Pro-drop parameter, Agreement, Stress, Information Structure.

سەرچاوەکان:

یەکەم: بە زمانی کوردیی:


١. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢. سازان زاهیر سەعید (٢٠٢٠)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٣. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (٢٠١١)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستەسینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ، ژمارە (١٨٦).

٥. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیی دا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٦. گۆنا عومەر عەبدوڵا (٢٠١٣)، درووستەی زانیاریی لە زمانی کوردیی دا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧. محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، و: ئاکۆ عەبدوڵلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

٨. محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، بەرگی یەکەم، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. محەمەدی مەحویی و نەرمیین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤)، مۆدێلی رێزمانی کوردیی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

١٠. محەمەدی مەحویی (٢٠١٦)، مەنامە (بەستانداردکردنی زمانی کوردیی)، چاپی یەکهەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

دووەم: بە زمانی فارسیی:

١١. محمد دبیر مقدم (١٣٩٣)، زبانشناسی نظری (پیدایش و تکوین دستور زایشی)، ویراست دوم، چاپ هفتم، سمت، تهران.

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزیی:

12. Aitchison, J. (1990), Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon, Basil Blackwell, Cambridge.

13. Aitchison, J. (1999), Linguistics, Fifth edition, London: Hodder Headline Plc.

14. Biberauer, Th. & et al (2010), Parametric Variation: Null Subjects in Minimalist Theory, Cambridge: Cambridge University Press.

15. Carnie, A. (2013), Syntax: A Generative Introduction, Third Edition, Blackwell Publishing.

16. Chomsky, N. (1965), Aspects of the Theory of Syntax, Cambridge: MIT Press.

17. Chomsky, N. (1981a), Lectures on Government and Binding, Dordrecht: Foris.

18. Chomsky, N. (1986a), Knowledge of Language: Its Nature, Origin and Use, New York: Praeger.

19. Chomsky, N. (1986b), Barriers, Cambridge, Mass.: MIT Press.

20. Chomsky, N. (1988), Lectures on Government and Binding (The Pisa Lectures), Fifth edition, Foris Publications Holland.

21. Cook, V. & Newson, M. (1997), Chomsky's Universal Grammar, Second edition, Blackwell Publishers.

22. Cook, V. & Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.

23. Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth edition, Oxford: Blackwell Publishing.

24. Dalrymple, M. & Nikolaeva, I. (2011), Objects and Information Structure, Cambridge University Press.

25. Ekmekci, F. & Can, C. (2000), Head Parameter Setting in the Acquisition of Turkish as a First Language, Çukurova University, Adana.

26. Estivalet, G. (2016), Mental Lexicon Architecture and Morphological Processing of French Verbs, Université de Lyon.

27. Fromkin, V. & et al (2000), Linguistics: An Introduction to Linguistic Theory, Oxford: Blackwell Publishers.

28. Fromkin, V. & Rodman, R. & Hyams, N. (2011), An Introduction to Language, Ninth Edition, Wadsworth, Cengage Learning.

29. Haegeman, L. (1998), Introduction to Government and Binding Theory, Second edition, Oxford: Blackwell.

30. Holmberg, A. & Nayudu, A. & Sheehan, H. (2009). 'Three partial null-subject languages: A comparison of Brazilian Portuguese, Finnish and Marathi, Studia Linguistica, vol. 63. Special issue: Partial pro- drop, edited by A. Holmberg.

31. Holmberg, A. (2010), Null Subject Parameters, in Theresa Biberauer, Anders Holmberg, Ian Roberts, and Michelle Sheehan Parametric variation: Null subjects in Minimalist theory, vol., 88-124, Cambridge: Cambridge University Press.

32. Huang, C-T. J. (1984), On the distribution and reference of empty pronouns, Linguistic Inquiry, vol. 15, pp. 531– 574.

33. Jaeggli, O. & Safir, K. (1989), The null subject parameter, Dordrecht: Kluwer Academic Publishers.

34. Katamba, F. (1993), Morphology, New York: St. Martin's Press.

35. Kato, M. & Negrão, E. (2000), Brazilian Portuguese and the null subject parameter, Frankfurt: Vervuert.

36. Mitchell, R. & Myles, F. & Marsden, E. (2013), Second Language Learning Theories, Third

edition, London: Routledge.

37. Modesto, M. (2000), Null Subjects without 'Rich' Agreement, In M. Kato and E. Negrão (eds.), Brazilian Portuguese and the null subject parameter, Frankfurt: Vervuert, 147–174.

38. Ouhalla, J. (1991), Functional Categories and Parametric Variation, London: Routledge.

39. Ouhalla, J. (1994), Introducing Transformational Grammar: From Rules to Principles and Parameters, London: Edward Arnold.

40. Radford, A. (1997), Syntax: A minimalist Introduction, Cambridge: Cambridge University Press.

41. Radford, A. (2004), Minimalist Syntax: Exploring the Structure of English, Cambridge: Cambridge University Press.

42. Radford, A. (2009), English Syntax: An Introduction, Sixth printing, Cambridge: Cambridge University Press.

43. Ritter, N. A. (2006), Government Phonology, In: Keith Brown, (Editor-in-Chief), Encyclopedia of Language & Linguistics, Second Edition, volume 5, PP. 106113-, Oxford: Elsevier.

44. Rizzi, L. (1982), Issues in Italian Syntax, Dordrecht: Foris.

45. Rizzi, L. (1986), Null objects in Italian and the theory of pro, Linguistic Inquiry, vol. 17, pp. 501– 557.

46. Scalise, S. (1986), Generative Morphology, Second edition, U.S.A.: Foris Publications Holland.

47. Smith, N. (2004), Chomsky Ideas and Ideals, Second edition, Cambridge: Cambridge University Press.

48. Trask, R. L. (1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London: Routledge.

49. Wenzlaff, M. & Clahsen, H. (2005), Finiteness and Verb-Second in German Agrammatism, Published in: Brain & Language 92: 3344-.

50. Wetta, A. C. (2011), A Construction-based Cross-linguistic Analysis of V2 Word Order, In Müller, Stefan (Ed.), Proceedings of the 18th International Conference on Head-Driven Phrase Structure Grammar, University of Washington, 248–268, Stanford, CA: CSLI Publications.